# هیچ گرفت نییە کە هەواڵ بدرێت لە کەسانی تاوانبار وخراپەکار لەووڵاتانی غەیری ئیسلامیدا

[ kurdish – کوردی – كردي ]


## شێخ موحەمەد ساڵح المنجد

**وەرگێڕانی: عبد السلام محمد پشدەری**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2014 - 1435

IslamHouse.com

# لا حرج في التبليغ عن المجرمين ولو في دول غير إسلامية

« باللغة الكردية »

## الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: عبدالسلام محمد البشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

## هیچ گرفت نییه كه هەواڵ بدرێت له كەسانی تاوانبار وخراپەكار لەووڵاتانی غەیری ئیسلامیدا

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام كراوە :

**پرسیار** : ئایا دروستە مرۆڤی موسڵمان لەوولاتێكی غەیری ئیسلامیدا پەیوەندی بكات بە هێزەكانی پۆلیسەوە بۆ ئەوەی هەواڵ بدات لەو بازرگانەكانی كە بازرگانی بە حەشیش و تلیاك ومادە هۆشبەرەكانەوە دەكەن، جا نازانرێت ئەو كەسانەی ئەم كارانە دەكەن كەسانێكی موسڵمانیشیان تیكەڵاو بووبێت، یان نا، ئایا ئەگەر موسڵمانیان لەگەڵدا بێت، حوكمەكە جیاوازی هەیە ؟ وە ئەگەر دروست نییە كە پەیوەندی بكەین بە پۆلیسەوە ئایا دەبێت چی بكەین ؟ بەتایبەت من دەزانم كە ئامۆژگاری كردنی ئەو كەسانە هیچ سودێكی نییە، وە بازرگانی ئەوانیش بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ هیچ زیانیكی بەمن ناگەیەنێت، بەڵام خۆ بێگومان زیان بە كەسانێكی تر دەگەیەنێت، ئەی ئەگەر هاتوو

هەر ئەم مەسئەلەیە لە وولآتێكی ئیسلامیدا ڕوویدا ئایا دروستە پەیوەندی بكەیت بە پۆلیسەوە و هەواڵیان پێ بدەیت لەبارەی ئەو كەسانەوە ؟ زۆر هەوڵمدا لەڕێگای ماڵپەڕەكەتانەوە وەڵامێكم دەست بكەوێت، بەڵام ئەوەی بۆم ڕوون بویەوە ئەوەیە جەنابتان پێتان دروست نییە لەوڵاتانی غەیرە ئیسلامیدا هەواڵ بەدەیت بە هێزەكانی پۆلیس چونكە ئەو وولآتانە حوكم بە شەریعەتی خوای گەورە ناكەن، بەم پێیەش بێت لەم حاڵەتانەدا دروست نییە پەیوەندی كردن بە پۆلیسەوە بۆ وەهاە كارێك، ئایا تێگەیشتنەكەی من ڕاست و دروستە یان نا ؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام :** سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

ئەم پرسیارەمان خستە بەردەم شێخ عبدالرحمن بن ناصر البراك ( خوا بیپارێزێت ) لەوەڵامدا بەڕێزیان ووتیان :

برەودان بە حەشیش و تلیاك و مادە هۆشبەرەكان بەهەموو پێوەدانگ و پێوەرێكی شەرعی و ژێری بێ فەرمانی خوای گەورەیە، لەبەر ئەوە دروستە بۆ وەها كارێك هەواڵ بگەیەنیت بە هێزەكانی پۆلیس و ئاسایش كە كەسانێكی وەها خەریكی بازرگانی كردنن بەو مادە هۆشبەرانەوە، هەروەك چۆن دروستە هەواڵ بدەیت لەكەسانی خراپەكار و دز و جەردە وپیاوخراپ و پیاوكوژ، مادام ئێمە هاوڕاین لەسەر ئەوەی كە برەودان بە حەشیش و تلیاك و مادە هۆشبەرەكان خۆی لەخۆیدا خراپە وزیان گەیاندنە بە كۆمەڵگە، خۆ ئەگەر هاتوو ئەو كەسەی برەو بەو مادە هۆشبەرانە دەدا كەسێكی موسڵمان بوو، ئەوە لەو كەسانەیە كە خراپە و فەساد بڵاودەكاتەوە لە سەر زەویدا، ئەو كەسە یەكەمجار تاوانی بەرامبەر بە خۆی كردووە، چونكە كارێكی وەها كردووە كە كەسانی بێباوەر بەسەر خۆیدا زاڵ و دەست ڕۆشتوو بكات، و بە غەیری حوكمی شەریعەت حوكمی بەسەردا بدەن، و بە سزایەك سزای بدەن كە خوای گەورە نازڵی نەكردووە، بەڵام بە نسبەت هەواڵ دان لە كەسانێكی لەو جۆرەش خۆی لەخۆیدا

مانا ڕێگری کردن و بەرەهەڵستی کردنە لە خراپە و خراپەکاری، لەم بارەیەشەوە هیچ گرفتێك نابینم ( واتا : بەهەموو شێوەیەك دروستە هەواڵ لەو جۆرە کەسانە بدەیت بۆ ئەوەی تاوان و خراپە برەوی پێ نەدرێت و لەناو کۆمەڵگەدا کەم بکرێتەوە = وەرگێڕ ) .

خوای گەورەش زاناترە .

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام .